# حوکمی سڵاوکردن لە بێ باوەڕان

[ كردي – کوردی – kurdish ]


فهد بن سالم باهمام

**وەرگێڕانی:** احسان بورهان الدين

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ تحية الكفار والسلام عليهم ﴾

« باللغة الكردية »

فهد بن سالم باهمام

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# حوكمی سڵاوكردن له بیّ باوه‌ڕان

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خير الأنبياء والمرسلين نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

**حوكمی ده‌ست پێشخه‌ری سڵاوكردن له بیّ باوه‌ڕان**

دروست نیه موسڵمان له سه‌ره‌تاوه سڵاو له بیّ باوه‌ڕ بكات، چونكه ( السلام ) واته:

سه‌لامه‌ت بوون له ناخۆشیه‌كانی دونیاو دواڕۆژه، ئینجا سڵاوكردن جۆرێكه له پاڕانه‌وه وداوای لێخۆشبوون، ڕێگه‌ش نه‌دراوه له‌گه‌ڵ بیّ باوه‌ڕاندا ئه‌و كاره ئه‌نجام بدرێت، به پێیی ئه‌م به‌ڵگانه‌ی خواره‌وه:

١- ( أبو هريرة ) ڕه‌زای خوای لیّ بێت له پێغه‌مبه‌ر صلى الله عليه وسلم ده‌یگێڕێته‌وه كه فه‌رمویه‌تی: ((لا تبدؤا اليهود ولا النصارى بالسلام، فإذا لقيتم أحدهم في طريق فاضطروه إلى أضيقه)).رواه مسلم ٥/٧.

واته: ده‌ست پێشخه‌ر مه‌بن له سڵاوكردن له جوله‌كه وگاوره‌كان، ئه‌گه‌ریش توشیان بوون له ڕێگه‌دا ناچاریان بكه‌ن بۆ ته‌نگترین جێگه‌ی.

٢- ( أبي بصرة ) ڕه‌زای خوای لێبێیت، له پێغه‌مبه‌ر صلى الله عليه وسلم ده‌گێڕێته‌وه كه فه‌رمویه‌تی: (( إنا مارون على يهود فلا تبدؤُهم بالسلام، فإذا سلموا عليكم فقولوا: وعليكم)). (رواه أحمد بإسناد صحيح ٢٠٩/٤٥).

واته: ئێمه به‌لای جوله‌كه‌دا تێده‌په‌ڕین بۆیه ئێوه سه‌ره‌تا سڵاویان لیّ مه‌كه‌ن، ئه‌گه‌ر سڵاویان لێكردن بڵێن، ( وعليكم ) واته: له ئێوه‌ش.

٣- ( ابو هريرة ) ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی ((ألا أدلكم على شيء إذا فعلتموه تحاببتم أفشوا السلام بينكم)).

واتە: ئایا ڕێنوێنیتان بکەم بۆ کارێك ئەگەر ئەنجامی بدەن یەکترتان خۆش بوێت، لە ناو خۆتاندا سڵاو بڵاوبکەنەوە.

( ابن حجر العسقلاني ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لەم بارەوە دەڵێت:

موسڵمان فەرمانی پێکراوە دژایەتی کەسی بێ باوەڕ بکات، بۆیە دروست نییە دۆستایەتی وخۆشەویستی لەگەڵدا ببەستێت. ( فتح الباري ١٧/٤٥٧ )

ئەمەش کە خستمانە ڕوو وتەی کۆمەڵانی ئەهلی عیلمە لە چوار پێشەوا گەورەکان کە ڕەوا نییە موسڵمان لە سەرەتاوە سڵاو ئاڕاستەی ( بێ باوەڕ ) بکات.

( النووي ) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە ( الأذكار ١/٣٢٣) دا فەرموویەتی: سەبارەت بەو جولەکەو گاورانەی کە پەیمانیان لەگەڵ موسڵماناندا هەیە، (أهل الذمة )زانایانی مەزهەبی شافیعی فەرموویانە:دەست پێکردنی سەلام لە ئەوانە مەکروهە وحەرام نییە. ئەمەش بۆچوونێکی لاوازە، چونکە ئەو نەهیە بۆ تەحریمە، بەو پێیەش حەرامە موسڵمان دەست پێشخەربێت بۆ سڵاو لێکردنیان. هەندێك لە زانایانیش ڕێگەیان داوە بەڕەهایی سەلام لەو کەسانە بکرێت، هەندێکی تر مەرجداریان کردووە بە هەبوونی پێویستی، ئەم بۆچوونانەش بەدەقی فەرموودەکانی پێغەمبەر ڕەتدەکرێنەوە. سەبارەت بەفەرموودەی خوای گەورەش: {قَالَ سَلَامٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي} مەبەست لێی دوورکەوتنەوەو ، وازلێهێنانە بۆ ئەوەی ئازەر تووشی هیچ ناڕەحەتیەك نەبێت لەلایەن ئیبراهیمەوە، وەکو پاراستنێك بۆ پلەو پایەی باوکایەتی، نەك مەبەست سەلام کردن بێت.

( القرطبي ) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمویەتی: جومهوری زانایان لەسەر ئەم بۆچوونەن کە مەبەست لەوتەکەی ئیبراهیم بە باوکی سەلام نەبووە.

## وەڵامدانەوەی سەلامیان

دروستە وەڵامیان بدرێتەوە ئەگەر ئەوان دەست پێشخەربوون، چونکە خوای گەورە بە شێوەیەکی گشتی فەرموویەتی:{ وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا} ، هەروەها لەبەر ئەوەی جێگیر بووە کە دروست نییە موسڵمانان لەسەرەتاوە سەلامیان لێ بکەن، ئەوەش چەمکی پێچەوانە ( مفهوم المخالفة ) ی لێ وەردەگیردرێت کە دروستە سەلامیان وەڵام بدرێتەوە.

ئەمەش لە حاڵەتێکدا ئەگەر وشەی سەلامەکەیان ڕوون بێت، بەڵام ئەگەر یارییان بەو وشەکرد لە ڕووی گاڵتە کردن ورق وکینە، لەو حاڵەتەدا بەوشەی ( وعلیکم ) وەڵام دەدرێنەوە.

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە، لە ئیبنو عومەرەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: ((إذا سلم عليكم اليهود فإنما يقول أحدهم: السام عليكم، فقولوا : وعليك)).

واتە: ئەگەر جولەکەکان سەڵاویان لێکردن، ئەوە کەسی وایان هەیە دەڵێت: ( السام علیکم ) واتە: مردن بۆ ئێوە.

( ابن القیم ) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی: ئەگەر گوێگر لەوە دڵنیا بوو کە بەرانبەرەکەی وتوویەتی ( السلام علیکم ) ئایا لەو حاڵەتەدا بۆی هەیە بڵیّ: ( وعلیکم السلام ) یان هەر بڵێت ( وعلیکم )؛ بەڵگەو بنەماکانی شەریعەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بە ( وعلیکم السلام ) وەڵام بدرێنەوە، چونکە ئەوە دادگەرییە و خوای گەورەش بەدادگەری وچاکە فەرمان دەکات،وەکو دەفەرموێت: { وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا}.

ئەمەش لەگەڵ فەرموودە پەیوەندیدارەکاندا بەم باسەوە ناکۆك نییە، چونکە پێغەمبەر بەهۆی ئەو قسەیانەوە فەرمانی کرد هاوشێوەی قسەکەیان وەڵام بدرێتەوە.

ئەگەریش بوترێت گرنگیدان بە گشتگیری وشەکەیە ( عموم اللفظ ) لەو حاڵەتەشدا هەرئەو واتایە دەگرێتەوە کە باسمان کرد، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی: {وَإِذَا جَاؤُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ}. جا ئەگەر ئەو هۆکارە لاچوو وکەسی ئەهلی کیتاب وتی:( السلام علیکم ورحمة الله ) دادگەری ئەوەیە تۆیش بەهەمان شێوە وەڵامیان بدەیتەوە. أحكام أهل الذمة ٢٠٠ /١.

### سڵاو کردن لە کۆمەڵێك کە موسڵمان وپێباوەڕیان تێدا بێت

دروستە سڵاو لە کۆمەڵێك بکرێت کە موسڵمان و( کافر ) یان تێدا بێت، بەڵام مەبەستی موسڵمانەکان بێت، پێویستیش ناکات بڵێت: ( السلام على من اتبع الهدى) وەکو هەندێ لە قوتابی کۆلێژەکان کە لە وڵاتی ڕۆژئاوا دەخوێنن کاتێك دەچنە لای ڕەفیقەکانیان کە تێکەڵن لە موسڵمان و نا موسڵمان و بەوشێوە سەلامیان لێ دەکەن.

له هەردوو صەحیحی بوخاری موسلیم دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بە لای کەسانێکدا ڕەتبووە کە بریتی بوونە لە موسڵمان وبتپەرست وجولکەو فەرموویەتی: ( السلام علیکم ).

( ابن حجر ) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە ( الفتح ٢٣٠/٨ )دا دەفەرموێت: لەو فەرموودە ئەوە وەردەگیردرێت کە دروستە لەو جۆرە کۆمەڵانە سەلام بکرێت و مەبەست تەنها بۆ موسڵمانەکان بێت.

## سڵاوکردن لە بێ باوەڕ بەوشەیەکی تر جگە لە ( السلام علیکم )

ئایا دروستە موسڵمان دەست پێشخەر بێت بە سڵاوکردن لە بێ باوەڕ بە وشەیەك جگە لە ( السلام علیکم ) وەکو: بەیانیت باش و، ئێوارەت باش و، بەخێربێیت و، وشەی لەو جۆرە؟

( ابن تیمیة ) ئەوەی پەسەند کردووە کە دروستە؛ چونکە قەدەغەکردنەکە بۆ سەلامە بەواتای نزاوپاڕانەوە، لە کاتێکدا شێوازەکانی تر ئەو واتایە ناگەیەنن.

خوای گەورە دەفەرموێت: {ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ}. بێ گومان ئەمەش کە باسمان کرد واتای ئایەتەکە دەیگرێتەوە، دەست پێکردنی سڵاو لێکردنیان ئەگەر بەم شێوە دروست بێت ئەوا وەڵام دانەوەشیان هەر دروستە.

## تەوقە کردن لەگەڵ بێ باوەڕاندا

دروستە تەوقە بکرێت لەگەڵ کەسی بێ باوەڕدا وەکو وەڵامدانەوەیان و ، وەکو دەست پێکردنیش هەر دروستە ئەگەر بەرژەوەندیەکی تێدا بینرا، بەڵام بەبێ بەکارهێنانی وشەی سەلام، ژمارەیەکیش لە زانایان دەست پێشخەری تەوقەکردنیان بە مەکروە زانیوە لەگەڵیاندا بەبێ هیچ بەرژەوەندیەك.

پرسیاریان لە پێشەوا ئەحمەد کرد دەربارەی تەوقەکردن لەگەڵ جولەکە وگاورەکاندا ( أهل الذمة ) ئەویش فەرموی: پێم باش نیە.

## چوونە دەم بانگهێشتی بێ باوەڕ بۆ نانخواردن ووەلیمە

دروستە بانگهێشتی بێ باوەڕ بۆ نانخواردن لە ماڵ یان لە چێشتخانە قبوڵ بکرێت.پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەعوەتی ئافرەتێکی جولەکەی قبوڵ کرد

ولەخواردنەکەشی خوارد، بەڵام لەم بارەوە پێویستە لەسەر چەند مەسەلەیەك جەخت بکرێتەوە:

١- بۆ بۆنەیەك لە بۆنەکانیان نەبێت.

٢- دڵنیا بوون لە جۆری خواردن وخواردنەوەکانیان.

٣- ئارەق نەگێردرێت لەسەر ئەو سفرە وخوانەی کە خواردنەکەی لەسەر دەخورێت.

٤- لەدەعوەتەکەدا کاری خراپە ئەنجام نەدرێت وەکو سەماو گۆرانی وشتی لەو شێوە.

٥- دەعوەتەکە نەبێتە مایەی دۆستایەتی وخۆشەویستی وبرایەتی لە نێوان موسڵمان و بێ باوەڕدا، چونکە خوای گەورە دەفەرموویەت:{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ }.

٦- مەبەست لەم چوونە دەم بانگهێشتەوە ڕاکێشانی دڵی ئەو بێ باوەڕ و بانگەوازکردنی بێت بۆ ئیسلام.

بەهەمان شێوە دروستە کەسی بێ باوەڕ بانگهێشت بکرێت و ڕێزی لێ بگیردرێت بۆ خۆشەویستکردنی ئیسلام لەدڵیدا، هاوکات نەبێتە مایەی فەرامۆشکردنی ئەو ڕقەی کە پێویستە لە دڵی موسڵماندا هەبێت بەرامبەر بە ( کافر ).